www.kurdistannet.org
13-10-2006 8:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شۆڕش قادر لە هونەری سینما و کارەکانی ئەدوێ ... ئامادەکردنی: ساسان دەروێش

## هۆڵەندا



هونەرمەند (شۆڕش قادر) لە دایک بووی ساڵی 1963 ی شاری سلێمانی یەو دەرچووی ساڵی 1985 ی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی یەولە ساڵی 1997 وە لەووڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە وزۆر لە مێژوە کار لە سەرهەمووبوارەکانی هونەر دەکات بە شێوەیەکی ئەکادیمانەوزانستانەی سەردەم کە لە و پێناوەشدا خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لە هونەری کوردیدا وجێگا دەستی دیارە لە کارەهونەریەکاندا بەتایبەتی کەلەم دوایەدا فلیمی نامۆیی بە بەرهەم هێنا لە هۆڵەنداوئەوەبۆ ماوەی 5 ساڵە لەکەناڵێکی تەلەفزیۆنی هۆڵەندی کار دەکات وبڕوانامەی مۆنتاژوسیناریۆوکامێرای وەرگرتووەوشەش مانگیش ستاژەی لە شانۆ وەرگرتووە و ئێستاش لە وبوارانەدا کار ئەکات بۆ تەلەفزیۆنی هۆڵەندی، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازکرد.

پ:- هەڵبژاردنی پەیمانگا و تەواوکردنت پاڵی پێوەنایت بۆ ڕێ ڕەوگرتنی هونەریان پێشتر خولیای ئە و جیهانە گەورەیە بووی؟

و:- لە ڕاستیدا من پێش ئەوەی بچمە پەیمانگا، ساڵی 1975 – 1976 من بەشداریم لە ئۆپەرێتی نەوەی شۆڕش کرد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک وە لە هەموو بۆنە هونەری یەکانی قوتابخانە بەشداربووم، تا ئەوکاتەی چومە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، کەواتەمن پێش چوونم بۆ پەیمانگا خولیای هونەربووم وهەر ئەو ئەشقەی هونەربووکە بەرە و پەیمانگای هونەرەجوانەکان، هەنگاوی پێ ناوم بۆ بەردەوام بوونی بە هرە و خولیاکەم کە ئەویش هونەرە.

پ:- ئە وکارانە چی بوون لە سەرەتاوە خولیای بووی؟

و:- من زۆر زیاتر ئەشقی یاری وهونەر بەگشتی بووم لەسەرەتایی منداڵیمەوە، کە لە هەردوو بواردا تەمەنی منداڵی خۆمم تیا بە سەربرد. تا ئەوکاتەی توانیم لە ڕێگای قوتابخانەوە برە وبەحەزو ئارەزوەکانم بدەم.

پ:- لە کامیاندا زیاتر ئاسودەتر و سەرکەوتوو بووی؟

و:- لە ڕاستیدا شانۆقوتابخانەم بوو، بۆیە خۆم بە ئاسودە دەزانم کەبڵێم شانۆ، بۆ سەرکەوتنیشم بۆ بینەری بەرهەمەکانمی بەجێ دەهێڵم.

پ:- ئەوەی شانازی پێوە بکەی تا ئێستا لە کارە هونەریەکانتا؟

و:- ئەوەی کردوومەلێی فێر بووم ئەوەی لە داهاتووشدا دەیکەم شانازی یە.

پ:- سەرجەمی بەرهەمەکانت لە هەموو بوارەکانی باست لێوە کرد چەندن؟

و:- زۆرن لە هەموو بوارەکانی شانۆ و تەلەفزێن، بەڵام لە سینەمای 35 ملیم یەک کارم هەیە.

پ:- تا چەند توانیوتە لەگەڵ ناخی خۆتا بدوێت و دەربڕین دروست بکەی بۆ کاری هونەری؟

و:- هەرکەسێ لە سەر خۆشەویستی وپاکی خۆی پەروەردە بکات، هەردەم ئەتوانێت کارەکانی بەبێ لە دەرگا خۆی بکا بە دڵی هەمووکەسێکا لە بەر ئەوەی لەگەڵ ناخی خۆتا ڕاستیت.

پ:- لە ماوەی نیشتەجێ بوون لە هۆڵەندا بوارت بۆ ڕەخساوە بۆ خوێندن لە سەر هونەر وبڕوانامەی لە سەر وەرگری؟

و:- بەڵێ لە ئێستا دا بڕوانامەی تەلەفزێۆنم هەیە، وە هەربەردەوام بوووم تا بڕوانامەی مۆنتاژیشم وەرگرت، ئەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵە بۆ تەلەفزێۆن کار ئەکەم لە هۆڵەندا، وەکاری کامێرا بۆ تەلەفزێۆنەکانیش ئەکەم، وە شەش مانگ ستاژەم لە شانۆ خوێندوە بەڵام کاتێ کە زۆر تیا قوڵ بوومەوە سەیرم کرد تومەس شانۆ هەر لە لای ئێمە تێک نەشکاوە بەڵکو ئەوروپاش، هەروەهایە بۆیە بڕیارم دا بەرە و تەلەفزێۆن بڕۆم و ئێستاش لە و بوارانەدا کار ئەکەم بۆ تەلەفزێۆنی هۆڵەندی

پ:- چۆن توانیت لە کەناڵێکی هۆڵەندی کار بکەی؟

و:- دوای ئەوئەزموونە زۆرەی کوردستان وخولیا بوونی خۆم بۆ هونەر و هەوڵدانم بۆ بەرەوپێش خستنی ئارەزووەکانم دوای تاقی کردنەوەم لە بوارەکانی هونەر و وەرگرتنی چەند بڕوانامەیەکی هۆڵەندی توانیم لە بوارەکانی تەلەفزێۆنی هۆڵەندی کاربکەم.

پ:- کارکردنت لەوکەناڵە دەبێتە مایەی سوود وەرگرتن بۆ هونەرەکەت وخزمەت کردن بە میللەتەکەت؟

و:- بێگومان، هەموو کارێک ئێمە لەناوەوە و دەرەوە کردبێتمان وبیکەین لە بوارەکانی هونەرهەر بۆ میللەت ونیشتیمانەکەی خۆمان کردوومانە، کار کردنیشم لە تەلەفزێۆنی هۆڵەندی، کردنەوەی هەموودەرگا داخراوەکانم بوو هەرئەوەشە ئێستا ئەتوانم کاری هونەربۆ خۆم بکەم بەبێ ترس.

پ:- لە نێوان شانۆوسینەمادا بە کامیان ئاسوو دەتری و ڕۆحت لەگەڵ کامیان زیاتر ئاشنایە؟

و:- لەڕاستیدا هەریەکەوتامێکی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام هەرکارێک بیکەم لە ناو هونەر من ئاسوودەم.

پ:- چۆن توانیت فلیمی نامۆبوون بکەیت وتاچەند سەرکەوتووبووی؟

و:- نامۆیی خەوم بووئەویش هاتە بەرهەم، بەڵام زۆر بەزەحمەت، بۆ سەرکەوتن ئەوەیان بۆ بینەربەجێ ئەهێڵم، با بینەر بڕیار بدات تا چەند سەرکەوتوو بووە.

پ:- ئایا ئێمە خاوەنی سینەماین؟

و:- جیهانی سینەما خەریکە لە ڕۆحمانا چەکەرە ئەکات، لە ڕاستیدا هونەری فلیم وسینەما لای ئێمەی کورد ماوەیەکی کورتە ئاشنابوونی پەیا کردوە، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ باری سیاسی وسانسۆری ئەوڕژێمەی میللەتی کوردی لەژێر دەستا ئە چەوسایەوە، تە نانەت ئەو ڕژێمە وایان لە هونەرمەندانی میللەتەکەمان کردبوو زۆر بەترسەوە تەماشای فلیمەکانیش بکەن. نموونەشم هونەرمەندی گەورەی کورد یەڵماس گۆنا ی دەرهێنەر کە زۆر بەی کارەکانی لەسجن گەلاڵە کردبوو، وە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لەم دوایەدا گەنجێکی دەرون پڕ لە دەمی خۆیی وکەس وکاری، خۆیی بە دنیا ناساند ئەویش بەهمەنی قوبادی بوو، بەڵام لە باشووری کوردستان دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 سینەما سەری هەڵدا، بەڵام خۆش لەوە دایە هونەرمەندانی باشوور ئەشقیان بەرامبەر بەسینەما وتەلەفزێۆن زۆر بەیان لەشانۆوە پەلیان کێ شاوە، بەڵام باسی ئەوهونەرمەندانە ناکەم لە ئەوروپا بەشی سینەمایان خوێندوە، لە بەرئەوەی ئێمەی هونەرمەندانی باشوور لەڕێگای تاقیکردنەوە چوینەتە جیهانی سینەما بۆیە ئێمەی هونەرمەندانی کورد ڕۆژ بەرۆژ لەڕێگای تاوقیکردنەوەی زیاتر خۆمان پێش ئەخەین لەبەرئەوەی لەکوردستان هونەری سینەما هێشتاکە نامۆیە تەنانەت لەلای بەرپرسانیش ڕۆحی یارمەتی دانیش کەمە، بۆیە زۆر بەگرانی فلیم بەرهەم دێت وەتەنانەت پسپۆڕمان نێ یە لەبەشەکانی هونەری سینەما، تەنانەت هیچ ئەکتەری سینەمایمان نیە وە ئەوەی هەشمانە هەمووی لەئەکتەری شانۆوە بەرەوە نواندنی سینەمایی چوون ئەوەش ئەگەڕێتەوەبۆ ئەوئەکتەرانەی تا چەند سەرکەوتوئەبن، تا ئێستاش بەر پرسان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەخەڵکێکی پسپۆڕ دروست بکەن بۆ خزمەتی کورد و کەلتوری گەلەکەمان، لە بەر ئەوە کۆسپ زۆرن، ئەوەی خۆیی بەسینەماوە خەریک ئەکات هەمووی کاری تاکە کەسی یە.

پ:- ئەی شانۆ؟

و:- بەڵام شانۆ چەوساندنەوەوسانسۆری ئەورژێمەی بەعس وزوڵم وزۆری وای لێ کردین کەزۆر بەخەستی بتوانین هەمووئامانجەکانمان بپێکین، تەنانەت بینەرئاشنایەتی لەگەڵ هەمووهێماو بۆ چوونەکانماندا پەیدا کردبوو وە هونەرمەندانی کورد ئالآی شانۆیان هەمیشە شەکاوە بوو بۆ شۆرش وگەلی کورد، وە لە سەرزاری زۆر بەی هونەرمەند و رەخنەگرانی عەرەب سالآنی هەشتاکان شانۆی کوردی زۆر سەرکەوتووبوو ئەو کاتە.

پ:- ئەی چۆن دەتوانین ببینە خاوەنی؟

و:- بە هەوڵدان وشەونخونی و دروستکردنی خەڵکانی پسپۆر لەلایەن ووڵاتەکەمانەوە.

پ:- رات چی یە لە کورتە فلیم وفلیمە کوردیەکان و دراماکان؟

و:- بەرای من هەمووی هەوڵدانە ئەوەش ئەگەرێتەوەبۆ ئەوەی هەموولە رێگای شانۆوە بەرە و سینەما و تە لە فزیۆ چووە، بۆیە ئێمەی کورد پێویستمان بە خەڵکانی پسپۆر هەیە لە سینەما و تەلەفزیۆن.

پ:- تا چەند ئێمە رەخنەگری درامی وفلیمسازیمان هەیە؟

و:- تا ئێستا ئەوەی من خوێندومە تەوە لە سەرکارە سینەمایی و درامی وزنجیرەکان، رەخنە گرمان نی یە بە مانای رەخنەگر هەمووی حەزێکی بێ زانستی یە، خۆیی یە.

پ؛- دوا پرۆژەتان چی یەو سەرقاڵن بە کارێکی هونەریەوە؟

و:- بەڵێ، دواپرۆژەم، ئێستا لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردستانی رۆژهەلآت دایە کە بەرێز کاک دیاکۆیەو خەریکی 15 زنجیرەین لە سەر پەروەردەی منالّ، کارەکانمان تەواوبووە لە ماوەیەکی کورتدا بەبینەرانی خۆشەویست شاد ئەبێت.

پ:- من هیچم نەما، ئەی ئێوە وەک دوا ووتەتان چی ئەڵێن؟

و:- پێش هەموو شتێک سوپاس بۆ بەرێزتان بۆ سازدانی ئەم دیدارەمان ودوا ووتەشم ئەوەیە دەڵێم باگوڵ بچێنین بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای ئێمە لە یەخەی بەن.